VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

# سەلامەتی تۆ لە نەخۆشخانە – منداڵان

## بەشداریکردن لە چارەسەرکردنەکەتدا

ئەوەی بۆ تۆ گرنگە – بۆ ئێمەش گرنگە! بەشداریکردن لە چارەسەری تەندروستیدا، واتە باسی بارودۆخی خۆتمان بۆ بکە! و پرسیارمان ئاڕاستە بکە! ئێمە ئەوەمان پێ باشە.

## ئەو پرسیارانەی کە دەتوانیت بیکەیت ،ڕەنگە بریتی بن لە:






- بۆچی پێویستە پروڤم لێوەرگیرێت؟
- ئەگەر من پروڤەکان دانەنێم یان دەرمانێک وەرنەگرم چی ڕوودەدات؟
- ئایا دەزانن کە حەساسیەتم هەیە؟
- چی ڕوودەدات ئەگەر نەمەوێت پشکنینم بۆ بکرێت / چارەسەر کرێم ؟
- ئایا دەکرێت بە شێوازێکی تر ئەنجام بدرێت؟

دەتوانیت خۆت پرسیار بکەیت، یان داوا لە دایک و باوک یان کەسێکی تر بکەیت کە متمانەت پێیەتی تاوەکو یارمەتیت بدات. ئەگەر دواتر پرسیارێکت بە خەیاڵدا هات – بەو کارمەندەی چاودێری تەندروستی بڵێ کە چاوت پێی دەکەوێت، لەو حاڵەتەدا یارمەتی دەدرێیت بۆ ئەوەی وەڵام وەگریتەوە.

## خۆت و کەسانی تر دژ بە تووشبوون



دەستەکانت بشۆ و سپرەییان لێدە بەر لەوەی نان بخۆیت.

تەنها ئەو ئاودەستە بەکاربهێنە کە کارمەندان پێیان وتوویت بەکاری بهێنیت.

دەستەکانت بشۆ و سپرەییان لێدە پێش و پاش ئەوەی تەوالێت بەکاردەهێنیت.

ئەگەر ڕشاویتەوە یان سکچوونت هەیە پێیان بڵێ.

بە ئانیشکتدا بپژمە یان بکۆکە.

لەکاتی لووت پاککردنەوەدا کلینکس بەکاربهێنە و پاشان سپرەی لە دەستەکانت بدە.

تکایە لە کارمەندان بپرسە کە ئایا دەستیان پاکە کاتێک دەستت لێدەدەن.


بۆ زانینی سەرچاوەی وێنەکان سکان لەسەر کۆدی QR-ەکە بکە


بچۆ بۆ ئەودیو

VGR20558 2.0 سەلامەتی تۆ لە نەخۆشخانەی منداڵان – ڤێرشنی

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

## خواردن






پێمان بڵێ ئەگەر حەساسیەتت هەیە یان خواردنی وا هەیە کە ناتوانیت بیانخۆیت.
ئاسانە کێش و بارستەی ماسولکەکان لەدەست بدەیت، کاتێک نەخۆشیت. بۆیە گرنگە ڕێنماییەکانمان پێڕەو بکەیت.
بە بەرنامە و بەردەوام خواردن بخۆ و نێوانەژەمەکانت لەبیر نەچێت.

## پێست








لەگەڵ کارمەندای چاودێری تەندروستی قسە بکە، ئەگەر لیر، لیری ئاوتێزاو، برین پەیدا بوو یان ئەگەر پێستت سوورهەڵگەڕا و کزایەوە. لەگەڵ کارمەندای چاودێری تەندروستی قسە بکە ئەگەر سالغی سەر برین پیس یان تەڕ بوو. گرنگە پێست بە پاکی ڕاگیرێت لەو شوێنانەی بۆری خراوەتە ناو پێستەوە پاش نەشتەرگەری یان ئەگەر برین پەیدا بێت.

## دەرمانەکان









تکایە پرسیار لە کارمەندانی چاودێری تەندروستی بکە! ئەگەر پرسیارتان لە سەر دەرمانەکانتان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر پرسیارت هەیە دەربارەی ئەوەی بۆچی دەرمانێکی تایبەت دەخۆیت یان چەند بە چەند پێویستە بیانخۆیت.

## کە کاتی ئەوەهات لە نەخۆشخانە دەرچیت










هەوڵدە بزانیت بە تەواوی چاودێری تەندروستیت وەرگرتووە – و باسی دەرمانەکانت بۆکراوە.
لەوە بکۆڵەرەوە کە دەبێت پەیوەندی بە کێوە بکەیت ئەگەر پرسیارت هەبوو کاتێک دەگەیتەوە ماڵێ.
هەوڵدە بزانیت کە بۆ چاودێری و چارەسەر دەبێت چی بکرێت کاتێک نەخۆشخانە بەجێدەهێڵیت - بۆ نموونە، بەردەوامیدان بە چاودێری تەندروستی لە یەکەیەکی تر و کاتی دیسانەوە سەردان.
لەبیرت نەچێت ئەگەر پێویستیت پێ بوو داوای پشتگیری پزیشکی بکەیت / وەک بۆ نموونە بۆ خوێندنگا یان بۆ VAB.

بچۆ بۆ ئەودیو

لەلایەن نەخۆشخانەی زانکۆیی ساڵگرێنسکاوە بەرهەم هێنرا بە مۆڵەتوەگرتن لە Guy´s and St. Thomas NHS Foundation Trust و هەرێمی سکۆنێ